# سروودەکانی یاخی بوون !

***هێمن حمە جزا***

بەو هەموو ناسکییەی خۆیەوە ،
سێو ..،
ئێرەیی بە گمەی کۆترەکان دەبات ..!
کە دەبوو بەر لە مردن
ئەو غەییەتانەی بگێڕایەوە ،
کە پیرە لیمۆیەك ..،
بۆ کچێنی هەناری هۆنی بۆوە ..!
ئەو ڕیشۆڵانەش ،
بەشەقەی باڵیانا دیارە
هەر ئێستێ ،
بەسەر ئەو هەناسانەدا گوزەریان کردووە
کەمناڵان ،
بۆ ئایندە و
بۆ مێژووی خۆیان ..،
هەڵیان دەکێشا!
ئای ژیان .. کە سەمفۆنیایەکی ناسازیت !!
کتومت هەر دەڵێی :
ئەو گیتارەی کە ئاسنگەرێك ،
بۆ دڵنەوایی چەکوشەکەی ،
دەیژەنێ و .. هێور نابێتەوە !
کتومت هەر دەڵێی :
ئەو بانگەوازەی کە دۆڕاوێك ،
بۆ شوێنی خۆی ،
لە فارگۆنێکی مێژوودا دەیکات و .. جێگەی نابێتەوە !
کتومت هەر دەڵێی :
ئەو هۆرەیەی کە سەحرایەك ،

بۆ ڕوخسار و بینینی بەفر دەیچڕێت و .. نایبینێتەوە !
ئەو شاهیدانە چییان لێهات ؟
کەلە ژێر پولەکەی ماسی‌یە بەسالآچووە نابیناکانا
خۆیان حەشاردابوو ..؟!
تا بچنە حزوری خودا و
تەمەنی پە پولەی پێ زیادکەن ..
چ ناوەخت ئەم ( با ) یە هەڵی‌کرد ؟
کەی ئێستا مەوسمی کشانی ئەستێرەیە ؟
ئەدی نازانن ،
من و ئەم هەموو ماچە هەتیوە بێ ئەدرەسانە ... تەنهاین ؟!
ئەماچ پێی دەکرێ ..،
حونجەی لێوێك ،
لەسەر ئەم دیوارە غەریبانە بۆ خۆی بکات ..!
ئەمنیش ،
دەمپەرژێت بمرم ..!
ئای ژیان .. چەند ناشرینی بەم هەموو درۆیەوە !!
خوداکان چی لە زاریان پژاوە و دەپژێ .. گرنگ نی‌یە !
گرنگ .. تەواو بوون و ووتنەوەی ئەم سرودەیە !!
گرنگ .. یاخی بوونی ئەم بونەوەرانەیە !!
ئەوەی نازانێ ئەم سرودە بڵێتەوە .. دەبێت بمرێت ؟!
ئەوەی پێوپلی ئەم یاخی بوونەی پێوە نی‌یە .. دەبێت بمرێت ؟!
ئیدی ،
هیچ شتێك گرنگ نی‌یە ..؟!
هیچ شتێك ڕونادات ..؟!
گەر بڕیاریشە هەر شتێك ڕوبدات ،
دەبێ لەو ڕێگایانەدا ڕوبدات
کە پێش وەختە ،
یاخی بووەکان گوزەریان پیادا کردووە .. !
سەیرە ..،
هەرگیز بەفر ... ئەوەندە ڕەشبین نەبووە ،

تاكو ياخى ببێت لە بارين و
بۆ جارێكى تر .. ماچى زەوى نەكاتەوە !
هەرگيز موحيبەت ... ئەوەندە دڵڕەق نەبووە ،
تاكو ياخى بێت لەزەمەنەكانى خۆى و
بۆ جارێكى تر.. چاخەكانى بەسەر نەكاتەوە !
هەرگيز باڵندە ... ئەوەندە بێ متمانە نەبووە ،
تاكو ياخى ببێت لە فڕين و
بۆ جارێكى تر .. ختوكەى ئاسمان نەداتەوە !
پێدەچێ ..ئيدى ،
هيچ ئێوارانێك ،
پە پولە سەردانى باخچەى دەستگيرانى نەكا و
هيچ بەيانيانێكيش ،
بەيانى باش لە گوڵ نەكات ؟!
تاكو ژيان .. سەرلەنوێ ،
چرپە بەهاوار نەناسێنێتەوە و
ئومێد و ڕوخان نەكاتەوە برا و
بەهەشت و دۆزەخ نەكاتەوە دەستەخوشك و
مناڵ و بووكەشوشەكانيان ،
نەباتەوە سەر يەك سفرەى ماڵەباجێنە ..!
ئاى ژيان .. چەند بێ باكانە پێ دەكەنيت !!
كوا لە مەرجەكانى قەزاو قەدەردا ،
چاوەڕوانى باس كراوە ؟
كوا لەسەر پەردەى ڕەحمى دايكەكانا ،
پيتەكانى مردن نوسراوە ؟
تۆ ..
هێند ميهرەبان و
هێند ناسك و
هێند لێو بە خەندە .. نيت !
ئەمە .. ،
شەڕى دۆڕاوى و

گەڕی مانەوەی ڕۆژگارەکان و
سەرقفلاّنەی ژووره سارد و سڕەکانی تەمەن و
پڕ بیّ مانا بوونتە ..،
بەمنی دەفرۆشیت !
ئەوەی ئیفلیج بوو لەم یاخی بوونەدا .. بەتەنها تۆبویت !
ئەوەی لالّ بوو لەووتنەوەی ئەم سرودەیا .. بە تەنها تۆبوویت !
تۆی گەمژەترین مشتەری خودا !
ئەگەرنا ..،
خودا بیّ بازاڕترین فرۆشیارە !
تۆ .. لە ئاسمانەکانی بەدحالّی بوونەوە ،
لە من دەڕوانی ..،
ئەی گەمژەترین کڕیار !!
دلّنیام بە نیازی گوناهی فریشتەکان ،
بدەینە پالّ منالّیّکی نەخویّندەوار و
بیخەیتە سەر بالّی نەوڕەسیّکی جوانەمەرگ و
بیکەیتە ملی گولّیّکی ڕووخۆش ..!
ئەو فریشتانەی ،
کە هەموو شەویّکی ( قەدرو میعراج )
لە باوەشی خودادا ڕۆژیان دەکردەوە و
ڕوی ئاسمانیشیان بە شەهوەت دائە پۆشی ..
تاکو چیتر ،
عاشقان بۆ مەعشووقەکانیان
ئەستیّرەیەکیتر ئاوەدان نەکەنەوە و
دەرگاکانیان بە سرودەکانی یاخیبوون ،
بە ڕوتاندا دانەخەن ؟
ژیان .. چ گفتیّکت وەرگرتووە ؟
دەتەویّ لە ئامیّزتا ،
فرمیّسك و خەندە و
باران و هەور و
کانی و هەواو

ماچ و عەشق و
ژوانگە و کۆڵانەکان .. حەشربکرێ ؟
یان گەرەکتە ،
هەنگ و پەپوولە و
نەورەس و تەیرە ئەبابیلە و
گوڵ و خونچە و
ڕاستەڕێ و تولەڕێ و
منداڵ و دەفتەری وێنەکانیان ..
شەرمەندەکەیت ،
لەبەر قاپیە حەرامەکانی خودادا ؟
ئەی لە دوا هەناسەیا ،
تۆ ..
چۆن خۆت پاك ئەکەیتەوە ؟!
ئای ژیان .. چەند سانایانە دەڕوانیت !!
وای ژیان .. وای !
چەندە جوان نیشتمانمان لێوان لێو کردەوە لە فیراق .. بێ ئەوەی بمرین !
چەندە ناسك سەفەردەکەین .. بێ ئەوەی یاخی بین !
کوان ..؟
کوان ئەو ئایەتانەی ،
خودا کەلەبری وەسیەتنامە نوسی بوی ..،
بۆ نەیان خوێندنەوە ؟
کوا ئەو گولأنەی ،
ئیعرابی بێ دەنگی ئاویان پێدەکرا ..،
بۆ هەڵیان وەراندن ؟
کوان ئەو تەیرانەی ،
نەفرەتیان لە هیجرەت کردبوو ..،
بۆ لە فڕینیان خستن ؟
کوان ئەو ماچە مزرانەی ،
کەهەمیشە سەمایان دەکرد لەسەرلێو ..،
بۆ گوناهباریان کردن ؟

کوان ئەو ماشێنە خۆڵە مێشیانەی ،
کە بەردەوام داوایان لە شەقام دەکرد خۆیان ڕووتتر کەنەوە ..،
بۆ بەر لەعنەتی کوفر کەوتن ؟
کوان ئەو دەرگایانەی
خۆیان بەسەر ڕێگا ساختەکانی جننەتدا دادەخست ..،
بۆخرانە خانەی ئەرشیفی حرامکراوەکانەوە ؟
ئازادی .. لە هیچ ،
ماڵ و
کۆڵان و
نەتەوەیەکدا .. مانایی نیە !
تەنها لە جانتای سۆزانیەکاندا نەبێ ..
عەشق .. لە هیچ ،
دڵ و
خەیاڵ و
جەستەیەکدا .. مانای نیە !
تەنها لە پێکەکانی مەستیدا نەبێ ..
یاخی بونیش .. لە هیچ ،
لێو و
ڕۆح و
پێو پلێکدا .. مانای نیە !
تەنها لە ،
گەردەلولی خێڵی ( با ) و
پێڵاوی شێتێکی سەرشۆستە و
تەرزەی عەشرەتی باراندا نەبێ .. !

(کۆتایی 2000 – سەرەتای 2001)
– سلێمانی –